هادی عامری: سودانی داوای خولی دوەمی سەرکایەتی حکومەتی نەکردوە

هادی عامری ئەمینداری گشتیی ڕێکخراوی بەدر ئەمڕۆ سەشەممە ڕایگەیاند، تا ئێستا محەمەد شیاع سودانی داوای نەکردوە بۆ خولی دوەمی سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کاندید بکرێت و دەشڵێت، "ڕۆژ لەگەڵ بۆیاری ڕەوتی سەدر بۆ بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەگرین".

هادی عامری لەدوای بەشداریکردنی لە دەنگدان لەگەڵ بەغدای پایتەخت لەگەڵ لێدوانێکدا ڕایگەیاند، "عێراق ئەمڕۆ بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و متمانەی زۆرمان بە کۆمسیۆن هەیە، هیوامان ئەوەیە گەلی عێراق بەشێوەیەکی جدی و فراوان بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات".

سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت، هادی عامری وتی، "هیوادارین بە زوترینکات حکومەتی نوێ پێکبهێنرێت"، لەبارەی بۆیاری ڕەوتی سەدر بۆ بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردن باسی لەوەکرد، "ئێمەش ڕۆژ لەگەڵ بۆیاری هەوتی سەدری دەگرین بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردن".

لەگەڵ لێدوانەکەیدا هادی عامری سەبارەت بەوەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران لەلایەن محەمەد شیاع سودانی ئاشکرایکرد، سودانی داوای خولی دوەمی نەکردوە و بابەتەکەش

پەیوەستە بە بەدەنگدەرەوە، عێراقییەکانیش ئەوانەن کە وەڵامی دەستوەردانی دەرەکی دەدەنەوە لە بیاری هەڵبژاردنەکانیان".